# هەڕەشەكانی دەوڵەتی توركیا، داهاتووی كوردستان لەگەڵ مەترسی شەڕ وپشێوی بەرەو ڕوودەكاتەوە.

## لەبارەی  ناوەڕۆكی شەڕی ڕاگەیاندنی ئیستاوە..

**خەسرەو سایە**

**k.saya@ukonline.co.uk**

ئەمجارەش دیدارەكەی مەسعود بەرزانی لەكەناڵی ئەلعەرەبیەدا، بووە بەهانەیەك بۆ دەوڵەتی فاشیستی توركیا، تاهەڕەشەكانی خۆی بۆسەر خەڵكی كوردستان وداهاتووەكەی توند كاتەوە  وبەمجۆرەش دەرگای شەڕێكی ڕاگەیاندن بكەوێتە سەرپشت. بێگومان ئەمە یەكەم جار نییە كەدەوڵەتی توركیا بەزمانی هەڕەشە ئامێز بدوێ، لەماوەی 15 ساڵی ڕابردوودا ولەگەڵ گۆڕانی كوردستان بە"پەناگای ئەمن" لەچوارچێوەی نەشخەو سیاسەتەكانی ئەمریكادا، هەمیشە دەست درێژی وهەڕەشەی شەڕو بەزاندنی سنورەكان لەلایەن توركیاو ئێرانەوە مەترسییەكی ئەكید وبەردەوامی نیو باروۆدخە سیاسییەكانی كوردستان وناوچەكەبووە. بەلام دەوڵەتی توركیا لەهەڕەشەكانی ئەمجارەیدا بەدوای چییەوەیە؟ لەبەرامبەردا ناسیونالیزمی كورد وحیزبەكانی چ سیاسەتێك وچ بەرژەوەندیەیەك نوێنەرایەتی دەكەن؟ سەرەنجام ئەم هەڕەشەو كێشمەكێشانە داهاتوی كوردستان بەرەو كوێ دەبا و بەتایبەتیش چ كاریگەرییەكی لەسەر چارەنوسی خەلكی شاری كەركوك بەجێ دێڵێ؟ لەكوتایشدا خەلكی كوردستان دەبێ چ ڕیگایەك بگرەنەبەر تادەرگا بەڕووی ئەم هەڕەشانەو ئەم مەترسیانەدا دابخەن؟ بەلام با لەپێشدا سەرنجێك لەسەر پەیامەكانی شەڕی ڕاگەیاندنی ئیستا و ناوەرۆكەكەی بدەین:

## پەیامی شەڕی ڕاگەیاندنی ئێستا:

بارودۆخەكان وانین كەمەسعود بارزانی بەسادەیی بتوانی! بۆبەرگرتن بەدەخالەتی دەوڵەتی توركیا لەكێشەی كەركوكدا، "دیاربەكرو شارەكانی كوردستانی توركیا" وەك كارتێك بەكاربهینێ وتوركیاش بێدەنگە لەم قسانەی بكات. هەربۆیە زێدەڕۆییەكانی بارزانی بەپەلە تالەبانی ناچار كرد تالەپەیوەندێكی تەلەفۆنیدا، دەستبكاتە پاڕانەوە ودووپاتكردنەوەی بەلێنەكانی خۆی بۆئۆردوغان وكاربەدەستانی دەوڵەتی توركیا.  تالەبانی بۆئەوەی هەموو شتێك بێنێتەوە شوینی خۆی، درەبڕینی  بێزاری بەرامبەر بەقسەكانی بەرزانی بەكافی نەزانێ وجاریكی تریش ئامادەیی تەواوی لەبەردەم توركیادا ڕاگەیاندەوە بۆ بەدەستەوەگرتنی نەخشیەكی هاوباش بەدژی "ڕێكخراوە تیرۆریستەكان" لەناوچەكەدا، كەدیارە مەبەست لەم قسانە پەلاماردانی هاوبەشیانە بۆسەر "پككا". بەلام وەلامی ئۆردوغان بەوەی كە"قسەكانی بارزانی زۆردەكەوێت لەسەر باكوری عێراق" نەك تەنها هەڕەشەیەكی جدی هێناوەتە ئاراوە، بەلكو نیشانەی شەڕێكی ڕانەگەیەندراوە كەڕۆژانە لمۆز لەسنورەكانی كوردستان دەسوێ. ئەوەتا هاوكاتی ئەم بارگرژیە هیزەكانی توركیا بەبەهانەی پەلاماردانی "پەكەكا"وبەچەندین فرۆكەو هێزی سەربازیەوە لەسنورەكانی كوردستان-عیراق كۆبوونەتەوە ولەچەند شوێنیش سنوریان بەزاندووە. بەلام ئەمە هێشتا مەغزای سیاسی هەموو ئەوشەرە ڕاگەیاندنە نییە كەبەدوای قسەكانی بارزانیدا هاتۆتەكایەوە. بەتایبەتی كەئەمریكا لەهەمووان پەرۆشتر بۆ هێوركردنەوەی بارودۆخەكان وبۆ ئەوەی كەلەنێو زەلكاو وشكستی سیاسی لەعێراقدا "ناوچەی ئارام"ی كوردستان، كەیەكێك لەقاچەكانی "ئیستراتیژی هەستانەوە"ی لەسەر داناوە، نەكەوێتە مەترسییەوە، خەریكی نێوبژێوانی كردن وئامۆژگاری كردنی "عێراقیەكانە" بۆڕاگرتنی پەیوەندی باشیان لەگەڵ دەوڵەتی توركیادا. بەلام هەموو ئەمانە چ پەیامێك دەدەن بەدەستەوە؟

دوكەڵ بێ ئاگر نابێت. هەر شەڕێكی بەكردەوە بەهانە وسەرەتای پێكدادانی، ڕاگەیاندنی خۆی هەیە. لەم بارەوە كەركوك و پەكەكا دووبەهانەی ئاشكران كەدەتوانێ لەهەردوولاوە شەڕێكی بەكردەوەی لێدەربێت. یانی چ ئەوەی توركیا پەلاماری كوردستان بداو چ ئەوەی شەڕی هاوبەش لەدژی پەكەكا گەرمتربێت، بەلام پەیامێك كەخەریكە ئاگری تەنوری شەڕی پێگەرم دەكرێ، نەعرەتەی فاشیستی وقەومییە. نەعرەتەیەك كەلەسەرێكیەوە فاشیزمی توركی ڕاوەستاوە وبەنیازە سیاسەتی "شەڕی كورد بەكورد بەكوشتندان" بگرێتەبەرو هێزوتوانای ئەحزابی ناسیونالیزمی كورد ئاراستەی شەڕی لەناوبردنی "پەكەكا" بكا وهاوكاتیش بۆ دەسگرتنی بەرەی توركمانی چەندین مەرجی خۆی بەسەریاندا داسەپێنێ. وەلەسەریكی تریشەوە ناسیونالیزمی كورد ڕاوەستاوە كەبۆئامانجی گێڕانەوەی شاری كەركوك بۆژێرسایەی دەسەلاتی خۆی ڕێگای"شەڕی تورك و كورد"ی هەڵبژاردووە. ئەوەشی كەلە هەردووسەرەوە بەبارمتە گیراوە ژیان وچارەنوسی خەلكی كرێكارو وزەحمەتكێشە كەبەبێ ئیختیاری خۆیان لەنێوەندی ئەم شەڕو دەعوایەدا ڕاگیراوە. بەلام خودی كێشەی كەركوك لەنێو ئەم شەڕی ڕاگەیاندنەدا چ جیگایەكی هەیە؟

## كەركوك، ناوەندێك بۆ كێشمەكیشی قەومی وكۆنەپەرستی.

بڕیارە لەكۆتایی ئەمساڵدا چارەنوسی شاری كەركوك لەریفراندۆمیكدا ببڕێتەوە وبەپێی دەستوری كۆنەپەرستانەی عیراق ناسنامەیەكی درۆزنانەی قەومی بكرێت بەبەر هاولاتیانی دانیشتووی ئەمشارەدا.  هێشتا مەعلوم نییە ریفراندۆمێكی لەم جۆرە سازدەدرێ یان نا، كەچی كێشمەكیشی لایەنەكان تادێت خوێناوی تر ڕووەو ڕشتنی ڕەنگی داهاتویەكی مەترسیدار بەخۆیەوە دەگرێ. لەڕوانگەی ئەحزابی ناسیونالیزمی كوردەوە كەركوك شارێكی كوردییە ودەبێ بەشێك بێت لەدەسەلاتی ئەوان. ئەمەش ئیتر ئەو مافەیان پێدەدات كە بەشیوەیەكی تر هەمان سیاسەتی پاكتاوكردنی قەومی كەڕژێمی بەعس لەبەرامبەر دانیشتوانی ئەم شارەدا گرتییەبەر ئەوانیش پەنای بۆبەرن. مادەی 140ی دەستور سەبارەت بە كەركوك، مەسەلەی گیرانەوەی "كوردە دەركراوەكان" ودەركردنی "عەرەبە هاوردەكان"ی بەشیوەیەكی قانونی خستە بەردەم یەكیتی وپارتی تاسیاسەتی بەكوردی كردنی ئەم شارە بخەنە شوێنی سیاسەتی بەعەربكردنی ڕژێمی بەعس. بەلام لەباروۆدخی پشێوی وناجێگیری ئیستای عێراق و هەروەها لەوەزعیەتێكدا

کەچارەنوسی کوردستان نادیار ڕاگیراوە و هەویەتی ولاتی مەعلوم نییە، ئیزافەکردنی کەرکوك بۆسەر ناوچەکانی ژێردەسەلاتی ئەم حیزبانە، حاڵەتەکان ناهەموارترو مەترسیدارتردەکات. بەتایبەتی کەشاری نەوتینی کەرکوك سەنتەری کێشمەکیش وملاملانێی هیزەکان لەعێراق و ناوچەکەدایە.

حکومەتی مالیکی وئیئتیلافی شیعەکان بۆڕاگرتنی بالانسی سیاسی ونفوزی خۆیان وساغکردنەوەی نفوزی ئیسلامییان لەپرۆژەی فیدرالیزمەکردنی عێراقدا، بەردەوام مەسەلەی کەرکوکیان لەحالەتی "تەئید وپاشگەزبوونەوە"دا ڕاگرتووە. ئیسلامی سوننی گەراش بۆ رەقابەت لەنیو کیتلەبەندیەکانی دەسەلاتی ئیسای عیراق و نەخشی ئەمریکادا، کەرکوك بابەتێك بووە بۆ گیرانەوەی نفوزی ناسیونال-ئیسلامی عەرەبی وداکۆکی کردن لەیەکپارچەپی خاکی عیراق، کەلەبنەوە بۆدژایەتی کردنی "پرۆژەی فیدرالیزم" وشیعەگەرایی لەعیراقدا، بەکاربراوە. بەلام لەم نیوەدا رۆلی تورکیا مەسەلەیەکی واوەترە. کاربەدەستانی تورکیا هەبوونی"کەمایەتییەکی گەورەی تورکمان" لەشاری کەرکوکدا، دەکەنە بناغەی بەدسەتەوە گرتنی سیاسەتێکی شۆڤینیستی وپان تورکیستی بۆدەخالەتکردن لەبارودۆخی ناجیگیری عیراقدا.  ئەم سیاسەتە ناچیتەوە سەر ئامانجی فراوانخوازی ئەتاتورکی وعوسمانلی، کەرووی لە تەبدیلکردن و پیوە لکاندنی شاری کەرکوك بێت بەیەکیك لەکۆلۆنەکانی ئیمراتۆریەتی تورکی، بەبەهانەی لەئارادابوونی کەمایەتیەکی قەومی. چونکە قەلەمرەوی حاکمیەت ودەسەلاتی مۆدیرنی قەومی ئەم ئشتهاو ئاواتەی بۆرژوازی تورکیا بەهۆی لەئارادابوونی"هەقی حاکمیتی نیودەولەتی"یەوە تێپەربووە. نمونەی هەبونی تورکمان لە ئیرانی ئیستا وخودی  دەولەتی تورکمانستان و هەبوونی کەمایەتی گەورە لەقیرغستان وئۆزبکستان.. ئاواتی پێوە لکاندنی شاری کەرکوك بۆسەر دەولەتی تورکیا مایە پوچ دەکاتەوە. بەلام ئەوەی تورکیا لەپەیوەند بەمەسەلەی کەرکوکەوە وەك هیزیکی سەرەکی هێناوەتە پیشەوە، مەسەلەی ئەرزو ئیلحاقکردنی شارێك نییە، بەڵکو ئیستراتیژیەکی تازەیە کەلەنیو بارودۆخە سیاسییەکانی ئەم دوایانەی عیراقەوە سەرچاوەی گرتووە. کەوایە ئەم ئیستراتیژە تازەیە چییەو ئامانجەکانی چین؟.

## ئیستراتیژی نوێی دەولەتی تورکیا:

پشیوی باروۆدوخەکان لەعیراق و نەتوانینی ئەمریکا لەجیگیرکردنی دەوڵەتێکی موتەمەرکیز کەبتوانێ عیراقی دوای سەدام ورژێمەکەی لەسیستەمێکی بالادەستدا جیگیربکات، دەرگای ئەوەی بۆدەخالەتی دەولەتانی ناوچکە ولەوانەش بۆتورکیا خستۆتە سەرپشت، بەم پێیە هەرەشەکانی تورکیا یەکێك لەئاکامەکانی شکستی ئەمریکایە لەعیراق. راپۆرتی بەیکر- هاملتۆن کە هاوکیشە سیاسیەکان لەعیراقدا بەشیوەیەکی تر پێناسە دەکاتەوە و فرسەت دەداتە دەست ولاتانی دراوسێ وەك فاکتۆریکی راستەوخۆ لەهێورکردنەوەی باروۆدخی نائارامی عیراقدا دەوربگیرن. ئەمەش زەمینەو فرسەتی ئەوەی داوە بەحکومەتی ئیستای تورکیا ئیستراتیژیەکی نوی بەدەستەوە بگرێ. بەپێچەوانەی ئیدعاکانی دەولەتی تورکیاوە، دەخالەتی ئەو لە کێشەی کەرکوکدا بۆ پاراستنی خەلکی تورك زمانی ئەم شارە نییە،  بەلکو بۆ بەرێوەبردنی ئامانجیکی سیاسی وئیستراتیژیەکی تازەیە کەناوەرۆکەکەی بریتییە لە پەیداکردنی پێگەیەکی مسۆگەر وهەمیشەیی بۆ دەخالەتکردن ومانەوەی بەردەوام لەبارودۆخەکانی عێراقدا وبەکارهینانی وەك فشاریك بەسەر ئەمریکاو لایەنە نیو دەوڵەتییەکانەوە. لەم راستایەشدا  گۆرینی کوردستانی عیراق (بەتایبەتی شاری کەرکوك) بەپێگەیەکی سیاسی وجوگرافی، پیویستیەکی حەیاتییە بۆ گێڕانەوەی رۆلی سەروەری سوپای تورکیا وجیگاو ریگای لەناتۆدا و هەروەها کردنەوەی جەبهەیەکی راوەستاوە بۆرقابەتکردن لەگەل ئیران ونفوزەکەی لەعیراق وناوچەکەدا.

چەتر هەلکردنی تورکیا بۆ رەوتە ئیسلامیە سوونیەکان و کۆمەککردن بۆهینانە پیشەوەی رۆلیان لەبەرامبەر بالی شیعەگەرای موتەمایل بەئیران هەولی تورکیا بۆ راگرتنی بالانسی خۆی لەبەرامبەر ئیران و رۆلی ناوچەیی نیشان دەدات.  ئەمریکاش بەدوای شکستی سیاسی و ناکامیەکانی لەعیراق و زۆرتر قولبوونەوەی پشیویەکان، لەوئاستەدا نییە مەرجەکانی خۆی بەسەر تورکیادا بسەپینی و ریگە بەدەخالەتکردنی لەکوردستانی عیراقدا بگری. بگرە بەپیچەوانەوە هەرەشەکانی تورکیا و کوکردنەوەی هیزەکانی لەسەرسنور ریگایەکی فشارە بۆ ئەوەی ئەمریکا ناچاربکات بە مل دان بەخواستە سەربازی وسیاسیەکانی، بەرادەی ئەوەی ئالوگۆریك لەعیراقدا بەوجۆرە بهینیتە پیشەوە کە پیگەی تورکیاو دەخالەتەکانی بۆ ماوەیەکی زۆر دەهیلیتەوە. لەئاوەها حالەتیکدا پشتیوانی ئەمریکا بۆ دەسەلاتی ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد سستدەکاو ئەوانیش بەخاتری مانەوەی دەسەلاتیان ناچاردەکات کەلەژیر چەتری کردەوە سەربازیەکانی سوپای تورکیادا خۆیان ببیننەوە. بەتایبەتی تورکیا هەرگیز رازی نییە بەمانەوەی مەسەلەی کورد لەکوردستانی عیراق لەم شیوەیەیدا وهاوکات  وجودی هیزەکانی پەکەکا، لەکوردستان وناوچە سەرسنورییەکانی بەهۆکاری پشێویەك بۆسەر خۆی دەبینێ. لەیەك ووتەدا ئەم حالەتانە بۆ تورکیا فاکتۆریکی مەترسیدارە بۆ تیکچوونی باری ناوخۆی خۆی، هەربۆیە شکستەکانی ئەمریکای لەعیراق بەهەند وەرگرتووە تاپشتێنەو پێگەیەکی ئەمنی بۆدورخستنەوە ویەکلاکردنەوە خەتەرەکانی سەرخۆی دابمەزرینێ وبەتەواویش خۆی لەفشارەکانی دەولەتەتانی ئەوروپا لەبارەی مەسەلەی کوردەوە دەربازبکات. بەلام لەبەرامبەر هەموو ئەمانەدا کاردانەوەی سیاسی ناسیونالیزمی کورد چیە وتا چەند دەتوانن بەر بەم ئیستراتیژی وسیاسەتانەی تورکیا بگرن؟

## ناسیونالیزمی کورد، لەبەردەم تەنگانەی سیاسیدا:

ناسیونالیزمی کورد ودەسەلاتەکەی لەتەنگانەیەکی سیاسیدا سەردەردێنێ. ریشەو زەمینەکانی ئەم تەنگانەیە دەگەریتەوە بۆ شکستی سیاسی ئەمریکا لەعیراق. ئەو پرۆسە سیاسیەی کەئەمریکا بەدوای جەنگ و رووخانی رژیمدا، بەناوی "دیموکراتیزەکردنی" عیراقەوە دەستی بۆبرد، بەبنبەست گەیشتووە. ئەو پرۆسە سیاسییەی کەبەپیکهانی مەجلیسی حوکم دەستی پیکرد وبەدوای خۆیدا هەلبژاردن وپیکهینانی پەرلمان وپاشان دارشتنی دەستور وحکومەت ووەزارەتخانەکانی لەخۆگرت، بریاربوو ئارامی وئاسایش بۆ عیراق بگێڕێتەوە و"دەولەت وسیستەمیکی دیموکراسی" وا بهینیتە ئاراوە کەنمونەکەی بۆرۆژهەلاتی ناوەراست بگوێزرێتەوە. بەلام ئەمرۆ دوای 4سال تیپەربوون، نەك هەرنیشانێك لەئارام بوونەوەی باروۆدخەکان و لەسەرکاربوونی دەولەت و دەسەلاتێکی پایەدار لەگۆرنییە، بگرە شەرو پێکدادانی تایەفەگەری و تیرۆر وتەقاندنەوە، کردەوەکانی خۆی بردۆتە نیو هۆلی پەرلمانەوە. بەرادەیەك ئەمرۆ عیراق بۆتەمەیدانیك بۆ شەرو پیکدادان وکیشمەکیشی جیهانی وناوچەیی وبریاری هێورکردنەوەی لەدەست هیزە ناوخۆییەکان دەرکێشاوە. ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی وەك هاوپەیمانێکی ئەمریکا لەگشت ئەم پرۆسەیەدا، بۆبەرژەوەندی رۆژانەی خۆیان ولەپیناو وەرگرتنی چەند ئیمتیازاتێك دەستیان نایە نیودەستی دەستەوتاقمی کۆنەپەرستی ئیسلامی و عروبیەوە وبەناوی جیگیرکردنی فیدرالیزم و مادەی 140 و وەرگرتنی چەند پۆستیك لە وەزارەتەکاندا، موری تەئیدیان لەدەستور ودەسەلاتیکی لەرزۆکدا. سەرەنجام راپۆرتەکەی بەیکر-هاملتۆن شکست و بنبەستی هەموو ئەم سیاسەتەو ئەم پرۆسیەیەی راگەیاند.

ئیستا ئیتر قسەیە لەسەر دووبارەکردنەوەی هەلبژاردن و دارشتنەوەی دەستور بەدژی هەموو ئەو مەسەلانەی کە یەکیتی وپارتی بە"دەستکەوتەکانی کورد" ناوی دەبەن. ئیستا قسەیە لەسەرموسالەحەی وەتنی وگیرانەوەی بەعس و ملدان بەرۆلی دەولەتانی ناوچەکە. تەنانەت ئەو حالەتە ئارامییەی کەلەکوردستاندا پشتی ناوە بەوجودی ئەمریکاو هیزەکانیەوە، ئیستا بەهۆی باروۆدخەکانی عیراقەوە ئەمریکا کەوتوتە مەوقعی چاوپۆشی کردنەوە. بەمجۆرەش ئەگەر جاران بەعس خەتەرو سەرچاوەی هەرەشە بوو بۆسەر کوردستان ئەمرۆ هەریەك لەدەولەتانی هاوسنوری کوردستان سەرچاوەی ئەم خەتەرەن. لەلایەکی تریشەوە باسی دەرچوونی هیزەکانی ئەمریکا و کشانەوەی لەعیراق کەئیستا لەنیو کۆنگریسی ئەمریکادا گەرمە، بەتەواوی بناغەکانی دەسەلات و قودرەتی 16 سالەی ناسیونالیزمی کوردی خستۆتەبەردەم لەرزەوە. هەموو ئەم ئالوگۆرانەی کەبەریوەن ناسیونالیزمی کوردی لەبەردەم تەنگانەیەکدا راگرتووە کەکەس نازانی ئاکامەکانی شکست ودارِمانی چ کارەسەتیك بەسەرخەلکی کوردستان دینیَ. بەلام لەم تەنگانەیەدا ولە بیَئاسۆیی و دەورانیکی ئینتزاردا کە حیزبەکانی کوردایەتی دەرگیری بوون ناتوانن ریگایەکی تریان لەبەر بیَت جگەلە مل دان بەسیاسەتی دەولەتانی ناوچەکە و قبولکردنی نەخەشەو هەرەشەکانیان. بانگەوازی سەرانی ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد و لیکۆلەوەرانیان بۆ دەرچوون لەبازنەی سیاسەتەکانی ئەمریکا وگەرانەوە بۆ پەیوەندی دەولەتانی ناوچەکەو خۆگریَدانەوەی زیاتر پیَیانەوە (لەوانە تورکیاو ئیران) کەلەسەروبەندی هاتنەکایەوەی راپۆرتەکەی بەیکر-هاملتۆندا، درا بەگویَی خەلکی کوردستاندا، تەنها راگەیاندنیکی ئیعلامی نەبوو بۆ خاوکردنەوەی ئەوبارە پشیوی ودلەراوکیَیەی کەهاتەئاراوە، بەلکو یەك واقعیەت و یەك ریَگا چارەی سیاسیَیە لەبەردەم ئەو تەنگانە سیاسییەدا کەبەرۆکی بەناسیونالیزم و دەسەلاتەکەی گرتووە. لەم چوارچیوەیەدا یەکیتی وپارتی ناتوانن کاردانەوەیکی جدی وپیچەوانە بەهەرەشەو دەخالەتی دەولەتی تورکیا لەخۆ نیشان بدەن، جگەلەوەی کە مەرجەکانی سوپای تورکیا وحکومەتی ئۆردوغان لەسەر مەسەلەی کەرکوك و پەکەکا قبول بکەن. بەلام بۆ هەموو ئەمانە ریگاچارە چییە وخەلکی دەبی چیبکات؟

# ریگاچارە چیە؟

نەك تەنها دورخستنەوەی مەترسی هەرەشەو پەلامارە سەربازیَیەکانی تورکیا بۆسەر کوردستان، بەلکو دەرکیشانی وەزعیەتی چاوەروانی ئیستای کوردستان بەدیار باروۆدخە نامەعلومەکانی عیراق و شکستیك کەبەسیاسەتەکانی ئەمریکا کەوتووە، وادەخوازی کەئیستاو داهاتوی کوردستان بەرەو دامەزارندنی دەولەتیکی سەربەخۆ ببریت. بەواتایەکی تر تاکوردستان لەوەزعیەتی نادیارو هەلواسراویدا بمیَنیَتەوە، نەدەتوانری مەترسیَیەکانی سەرسەری وەلابنری ونەئاکامە ئیحتمالیەکانی تەنگانەی سیاسی ئیستای ناسیونالیزمی کوردی لیَ بەدور بگیریَ. تەنانەت ناتوانری باس لەهینانە کایەوەی سیستەمیکی حکومرانی چەسپاو و دلخوازبکری وکۆتایی بەدەسلاتی گەندەل و فەسادی ئیستای یەکیتی وپارتی بهینریَ. دەبی هەویەتی ولاتی بوونی کوردستان مەعلوم بکری وئیرادە بۆخەلکەکەی بگیردریتەوە، حالەتی نەدەولەت بوونی کوردستان و نەبوون بەبەشیك لەدەولەتیکی راوەستاو دەبی کۆتایی پیبهینریَ. هەرجۆرە چاوەروانیەك وراوەستان بەدیار سیاسەتەکانی ئەمریکاو ئومید کردنیك بە"پرۆسەی سیاسی" ئیستای عیراق چارەنوسی کوردستان وخەلکەکەی لەبازنەی شکست و بیدەرەتانیدا دەهیلیتەوە، کە ئاکامەکەی تەنها بەزیانی خەلك خۆیان تەواودەبی.

بیگومان کیشەی کەرکوکیش لەنیو وەزعیەتی نارۆشنی کۆمەلگای عیراق و لەحالەتی ناپەیەداری دەسەلاتی ئەحزابی ناسیونالیزمی کورددا، بەپیویست لەگیژاوی شەری قەومی و دەخالەتی دەولەتی تورکیاو هەرەشەکانیدا دەهیَلیَتەوە و ناتوانری ریگاچارەیەکی کارسازی بۆبدۆزریتەوە. داهاتووی کەرکوك وسپاردنی بەخەیالاتی "عیراقی فیدرال" چارەسەر نابیت. مادەی 140 کەیەکیتی وپارتی ئومیدی خۆیان لەسەرداناوە لەوەزعیەتی ناپایەدارو نامەعلومی ئیستای عیراق و کوردستاندا، نەك کیشەکە چارەسەر ناکات بەلکو لەنیو دەعوا و نەعەرەتی قەومی وفاشیستیدا رای دەگریَ و دەیگۆری بەسەنتەری رەقابەتی هیزە کۆنەپەرستەکانی ناسیونالیزم و شۆڤینیزمی عەرەبی وئیسلامی و تورکی. چارەسەری بنەرِتی کیشەی کەرکوك بەبرانەوەی کیشەی دەسەلات لەعیراق و دامەزراندنی دەولەتیکی سەربەخۆ و یەکلاکردنەوەی وەزعیەتی نادیاری کوردستانەوە گریَی خواردووە. لەم چوارچیوەیەدا دەتوانری ریگا بکریتەوە بۆخەلکی ئەم شارە لەهەلومەرجیکی ئازادانەدا و لەریفراندۆمیکدا بریاربدەن کەپەیوەندی خۆیان لەگەل دەولەتی مەرکەزی دیلنەوە یان دەبنە بەشیك لەدەولەتیکی سەربەخۆ کەلەکوردستاندا هاتۆتە ئاراوە. تائەوکاتەی کەئەم ئامانجە نەهاتۆتە کایەوە دەبی وەزعییەتی کەرکوك بیلایەن رابگیری و ئیدارەکەی بسپیردریت بە نوینەرانی خەلك خۆیان.

لەهەموو ئەم باروۆدخانەدا ئەوە فاکتۆری خەلکە کەدەتوانی چارەنوسی کۆمەلگای کوردستان (بەکیشەی کەرکوکیشەوە) لەبازنەی سیاسەتەکانی ئەمریکاو حکومەتی عیراق و تەنکانە سیاسیەکانی ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد دەرکیشیت. لەماوەی 16 سالی رابردوودا چ ناسیونالیزمی کورد و دەسەلاتەکەی و چ ئەمریکا و چ هیزە ئیسلامی وعروبیە هاوپەیمانەکانی یەکیتی وپارتی لەعیراق تەجروبەی خۆیان داوە ولەهیچ کام لەم هیزانەوە داهاتووی دلخوازی خەلکی کوردستان بەدینایەت. بۆیەدەبی بزوتنەوەی جەماوەری سەربەخۆ بەخواستی جیابوونەوەی کوردستان و پیکیهنانی دەولەتیکی سەربەخۆی نەقەومی ونەدینی، ئەم بازنەیە بشکینی و کوردستان لەهەرجۆرە پیشهات و داهاتوویەکی تاریك و مەترسیدار دەرکیشی. 2007/4/12